# پشتیوانی لە پەرلەمانی لاوان دەکەم من گوی لەورێنە ناگرم. . . ئامانج عەبدوڵا سوور

کە رۆشنبیر هەڵوێستە ئەوە گوفتار بەتەنها هیچ لێکەوتەیەکی نیە وەك ئەحمەد بەگی شاعیرلەبەیتێکی دا ئەڵی (قسە ناچێتە ناوگیرفانەوە) زۆر هەن پاڵەوانی قسان وکۆڵەواری کردەوانن چۆن لەنێو شاعیران دا ماعیریش هەیە بەوئەندازەیەی شێخ رەزای تاڵەبانی وەسفیان ئەکات بەحەشری نێرەکەر لەم حوجرەدا ئاواش هەیە بەبی رەچاوکردنی باری ئەکادیمی وپرۆفیشناڵ ورێنە خەوئەکات وقەڵەمێکی بەدەستەوە گرتووە خەریکی هۆنینەوەی دارشتنە بە ئەندازەی دارشتنی چواری سەرتایی و هۆبەی نەجەوانی، ئێدی نەفام وگێل وکاڵفامێك پێی دەڵی دەستخۆش خێرا لەخۆی بایی دەبێت خۆی لی دەبێت بەنوسەر ولەئاوێنەدا خۆی بە شتراوس وفۆکۆ ناگۆرێتەوە ئەوەی ساتێری (لەستایشی بی دەسەڵاتانی) منی خوێندبێتەوە رێك واقیعی ئەوکەسێیتەیەی دێتە بەرچاو کەچۆن کەسانگەلێك هەن لەدنیای خەیاڵ پڵاوی دا تەی ئەکەن و لە واقیعیش دا لەسەر سفرەی بەتاڵ سوهراب ووتەنی دەنکە هەناری گەنیو رۆئەکەن، ئەوانە کەشەیدای خۆ دەرخستن وسنگ گیفکردنەوەنزۆر لەخووکردنێك ئەترسن تادەسەڵات لێیان بکات بۆیە بەدەمامکەوە ئەدوێن وناوێرن رووی قێزەونیان ئلشکرابکەن کاتێك سەربەبەریەکن پێیان جۆرە بەناوی خوازراوەوە بنوسن تا لەدەمدرێژییان بەرامبەر بەرەکەی تر بەشی پەتپەتێنێکی بۆ بهێلنەوە، ئەوەی سەرواو لەورگیابێت باش حاڵی بووە لە پرۆژەی پەرلەمانی لاوان و لەپیشتوانیەکانی ئێمەش، ئەوە دووخەواڵوی داردەست وموقەلیدوئینشا نوسن تائێستا نازانن یاسای پەرلەمانی چیەوقسەی لەسەرئەکەن، هەر ئەوانیش پێیان وایە تۆ نابێت رەخنە لەقەڵەمی ناسراو بگریت باشترە بچیت لەسەر رێی کانیەك هێنێك بکەیت تاباست بکەن ئاخر ئەوان پێیان شەرمە قودسیەتی کەسانێك بخەیتە ژێرباری پرسیارەوە کاتی پاراوانەوەیان لەدەسەڵات لەبیرکردوەو قسەی زل بۆ ئێمە ئەکەن پێیان وایە گەنج چۆن ئەبێت مەترەحی هەبێت؟!!!ئەمانە کەحاڵیان وابێت هەر ئەوەیان لی ئەوەشێتەوە کە دژایەتی ئەم پرۆژە پربایەخە بکەن، ئی لەم دەسکەلایانەش باشتر دەست ناکەوێت بۆ لەکەدارکردنی پرۆژەکە، ئەمەوێت ئێوەش بەئاگابن کەئەم پرۆژەیە هەرئەکەوێتە سەرپێی خۆی وسەرئەنجام قسەی بەتاڵ بۆ ئێوە ئەمێنێتەوە ورێنەکانتان چی لەووزەی گەنج کەم ناکاتەوە رەوایە ئێوەش بەئاغاکانتان بڵێن لەبری ئەوەی بیر لەدژایەتی ئەم پرۆژەیە بکەنەوەوئێوەی بەمقاش بائێوە بەکاربێنن بۆ پێکهێنانی پرۆژەیەکی بەرهەمهێنی وەك ئەم پرۆژە مەدەنیە لەوەش زیاتر ئەوسەردەمە بەسەرچوو گوی لەووشکە ورێنە بگیرێت. . .

تێبینی/داوائەکەم دۆراوەکان بەناوی خوازراوەوە نامەوجنێوم بۆ نەنێرن چونکە دۆزیومنەتەوە کێن ئەگەرنا ئاشکرای دەکەین و دواتر ریسوائەبن، کەتوانای دیالۆگتان نیە ئیدی جنێویشمان پی مەدەن، قارەمانەکانی ناو رۆمانی () .